# راگەیاندن ... بەرەودان بە تاوان و توندوتیژی



کاکەمین کەمال

مرۆڤ لە زۆربەی بارودۆخەکانداو دابینکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی خۆیان پەنا دەبەنە بەر هۆیەکانی راگەیاندن بە هەموو چەشنەکانی نوسراو و بینراوو بیستراو، یاخود یەکێك لەمانە هەڵدەبژێرێت بۆ مەبەستە دیاریکراوەکەی، بۆیە پێویستە هۆیەکانی راگەیاندن بە هەستیاری تەکنەلۆژیای خۆیان بۆ گەیاندنی پەیامە پیرۆزەکەی بخەنەگەر، بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ساخلەمو سڤیل‌و پەروەردەکردنی نەوەی نوێ بە بیروباوەری سەردەمیانەو دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و پەخشکردنی فەرهەنگی یەکتر قبوڵکردن و گوێ لە یەکترگرتن‌و بەرگرتن بە تاوان‌و توندوتیژی، بەڵام لەگەڵ گەشەکردن‌و بەرەوپێشچوونی تەکنیکی هۆیەکانی راگەیاندن، هەست بەوە دەکەین کە رێژەی تاوان بەهەموو چەشنەکانی بەلانسەکەی لەهەڵکشاندایەو ئەمەش جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەوەیە هۆکارەکانی چین؟ ئامانجەکانی چین؟ کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگا چیە؟

دیارە راگەیاندن زۆرجار جگەلەوەی دەبێتە رێنیشاندەری تاوان و لاسایی کردنەوە لە رێگای پیشاندانی دیمەنی تاوانی تیرۆرو توندوتیژی لە رێگای فیلم و دراما و هەندێ جاریش پەخشکردنی هەندێ دیمەنی رووداوی راستەقینەی تاوانەکان، مرۆڤیش بە تایبەتی منداڵ و هەرزەکاران سروشتیان وایە ئارەزووی لاسایی کردنەوە دەکەن، لێرەدا راگەیاندن خۆی بۆتە سەرچاوەی فێرکردنی تاوان، نزیکترین نمونە کە لەدەوروبەری خۆمان پەخشدەکرێن زنجیرەی پۆلیسیاس و تاپۆ (ناتاشا)و گەردەلوول و بەرنامەی zoom in و زۆربەی دراماو فیلمە بیانیەکانی تر، ئەگەرچی هەندێکیان باس لەسەردەمێکی مێژوویی گرنگ لە مێژووی میللەتەکەمان دەکەن یان ئامانجی پیرۆزیان لە پشتەوەیەو چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەکەن، بەڵام لە رەوتی رووداوەکانی فیلم‌و دراماکاندا هەندێ دیمەنی ترسناك هەن کە کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر هەستی مرۆڤ هەیە، رەنگە بە ئاراستەی چەوت پاڵیانبدات‌و ببێتە هۆکاری نانەوەی ترس‌و دڵەراوکێ لە دڵ‌و دەروونی مرۆڤدا بە تایبەتی منداڵان، لێرەدا دەبینین ئەمانە بوونەتە فێرگەی خۆ راهێنان‌و لاسایی کردنەوەی شێوازەکانی تاوان‌و هەمان تەکنیك‌و ئامرازەکانی تاوان بەکاردەهێننەوە. بە دیوێکی تردا راگەیاندن رۆڵێکی نێگەتیڤتر دەگێڕێ لە هی یەکەمیان، ئەویش ئەوەیە کاتێك راگەیاندن لە رێگای پیشاندانی تاوانەکان وەکو هەواڵی سەرنجراکێش بڵاودەکرێنەوەو بۆ مەبەستی دەسکەوتی ماددی، لێرەدا راگەیاندن خۆی دەکاتە زۆرناژەنی تاوانباران‌و تیرۆرستان کاتێك دەسبەجێ هەواڵی تەقینەوەیەك یان تیرۆرکردنی کەسێك وەکو هەواڵی بەپەلە بڵاودەکەنەوە دەبێتە هۆکاری سەرەکی بۆ پێکانی ئامانجی تیرۆرستان، چونکە کاری تیرۆرستی یان هەندێ تاوان بەمەبەستی گەیاندنی نامەیەکە بۆ دەسەڵات یان کەسێکی دیاریکراو، رەنگە مەبەست لەم کردەوەیە کوشتنی خەڵکی سڤیل نەبووبێت، بەڵکو گەیاندنی پەیامێکی سیاسی بێت کە لێرەدا راگەیاندن بۆی دەگەیێنێنە



رادیۆکان، گەورەترین تاوان دەخرێتە سەری سەرەوە بۆ سەرنج راکێشانی بینەر یان خوێنەر، زۆرترین مەبەستیش بازرگانیکردنە.

لە ئامارێکدا کە ساڵی ٢٠٠٥ وەزارەتەکانی فێرکردن، رۆشنبیری، وەرزش، زانستو تەکنەلۆژیا لە ژاپۆن ئەنجامیاندا، دەرکەوتووە کە لە وڵاتی ژاپۆندا رێژەی تاوان لە نێو لاوانو قوتابیو خوێندکاراندا لە برەو سەندندایە، زیاتر توندوتیژنو بەرهەڵستی یاسا دەکەنو رووبەرووی مامۆستایان دەبنەوەو سەرپێچی لەرێساکانی خوێندن دەکەن، تەنانەت زۆرجار پەلاماری مامۆستاکانی خۆیان دەدەن، لە رووبەروو بوونەوەکانیاندا لاسایی ئەستێرەکانی فیلمە ژاپۆنیو ئەمریکیەکان دەکەنەوە، هەمان تەکنیکەکانی ئەوان بۆ شەرکردن بەکار دەهێنن، لەم ئامارەدا دەرکەوتووە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ٢٠٠٠ حاڵەتی توندوتیژی لەلایەن قوتابیو خوێندکاراندا تۆمارکراوە، ئەمە لە وڵاتی ژاپۆندایە کە لە بواری تەکنەلۆژیادا لە ریزی پێشەوەی وڵاتانی جیهاندایە.

لە ئامارێکی تری ئەمریکی کە زانکۆی ستانفۆرد لە ولایەتی کالیفۆرنیا لە سەر چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەنجامیانداوە، دەرکەوت کە ئەم چوار کەناڵە لە ماوەی پێنج رۆژدا دوازدە حاڵەتی کوشتنی بەئەنقسەتو شازدە رووبەروبوونەوەی بە چەكو بیستو یەك پێکان بە گوللەو چوار هەوڵی خۆکوشتن لە ناویاندا سێیان ئەنجامیانداو چوار کەوتنە خوارەوە لەسەر شاخو باڵەخانە بەرزەکانو دوو حاڵەتی ژێر ئۆتۆمبێل خستنی بە ئەنقەستو بیستویەك شەرەچەقۆو دوو حاڵەتی خنکانو سیوحەوت حاڵەتی شەر بە تەکنیکی جیاجیا، سەرەرای دەیان حاڵەتی شەر دژی تاوانی جۆراوجۆر لەم کەناڵانە پیشاندران، زۆرترین بینەریان هەبووە، تەنانەت لە حاڵەتی دووبارەکردنەوەی نمایشەکانیشدا ئارەزووی بینینی ئەم دیمەنانەیان هەر هەیە.

ئەمە بۆچی دەگەرێتەوە؟ ئایا سروشتی مرۆڤ خۆی وایە ئارەزووی بینینی حاڵەتی ترسناکی وەکو کوشتنی کەسانی ترو چێژ لە تەنگاویو مردنی کەسانیتر وەردەگرێتو هەرخۆی دوژمنکارانەیە، یاخود دەزگاکانی راگەیاندنن کە برەوبە کردەوەی توندوتیژیو دەدەن.

شوێنی مەبەست، لەوانەیە مەترسی بخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەییو سەقامگیری ئاسایش بشێوێنێو دڵەراوکێ بنێتەوە، وڵاتی ئێمە کە گەورەترین ئامانجی تیرۆرستانە دەزگاکانی راگەیاندن چەندین جار کردەوە تیرۆرستیەکە یان تاوانەکە پیشان دەدەن، رەنگە پیشاندانی بەلای دەزگاکانی راگەیاندنەوە ریسواکردنی کردەوەکەو ئەنجامدارانیو دەرخستنی شەفیافیەتی راگەیاندن بێت، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانن کە بەبێ مەبەست بوونەتە دەزگای راگەیاندنی ئەنجامدەرانی تاوانەکان.

ئەوەی مایەی نیگەرانیە ئەوەیە کە دان بە وەدا بنێین کە هۆیەکانی راگەیاندنو تەکنەلۆژیا دەستەوەستانن لە گەیاندنی نامەی هوشیارکردنەوەی کۆمەڵ، بەڵکو بوونەتە هۆکاری لەدەستدانی بەهاپیرۆزەکانو زیادبوونی لاساریو سەرەرۆییو تاوانکاری.

ئەوەی جێگەی تێرامانە ئەوەیەکە مرۆڤ نەك هەربەرهەڵستی ئەو فیلمو دیمەنانە ناکەن کە توندرەوی بلاودەکەنەوە، بەڵکو خۆشیان ئارەزووی بینینی دەکەن، چێژ لە دیمەنە تراژیدیەکانی وەردەگرن، لە رۆژگاری ئەمرۆدا لەسەردێری زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەو هەواڵی زۆربەی تەلەفزیۆنو